# مەسرور بارزانی پێشوازی کرد لە پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق



ئەمڕۆ پێنجشەممە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە عەلی موحسین عەللاق پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق کردن هەروەها هەردوو لا هەماهەنگی لە بوارەکانی چاکسازی و کەرتی بانکی و بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارەیان کرد. نووسینگەی راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیندراوێکدا رایگەیاند" ئەمڕۆ پێنجشەممە ، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە عەلی موحسین عەللاق پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق کرد". هەروەها بەپێی راگەیندراوەکە" لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی پەرەپێدانی هەماهەنگی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەتایبەتی بانکی ناوەندی، لە بوارەکانی چاکسازی لە کەرتی بانکی و هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی سپیکردنەوەی پارە و کارکردن بۆ سەقامگیریی ئابووری کرا". ڕوونیشیکردەوە کە سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بە پرۆژە و دەستپێشخەری (هەژماری من) کرد و سوپاسی پشتیوانیی و هەماهەنگیی پارێزگاری بانکی ناوەندی و سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی کرد و جەختی لەوە کردەوە کە پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان، پێشکەوتنە بۆ هەموو عێراق و لە بەرژەوەندی هەموو هاووڵاتییاندایە. هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگیی بەردەوامبوون و برەودان بە هەماهەنگی و هاریکاری لەپێناو گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیریی داراییدا.